www.kurdistannet.org
16/02/2002 00:00

# بەرەوپیری ٨ی مارس و تورهەڵدانی یاسا ئیسلامیی یەکانی صدام و بن لادن

ڕێبوار ئەحمەد

١١ ساڵە ڕژێمی درندەو تاوانباری بەعس لە کوردستان وەدەرنراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم کۆمەڵگایە بە هەمان یاسا چەپەڵو کۆنەپەرستانەکانی ئەم ڕژێمە فاشیستە بەڕێوەدەبەن. بەم جۆرە لە مێژوودا ئەوەیان لەسەر تۆمار بوو کە لەو ١١ ساڵەی دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، بە قانونەکانی بەعس کۆمەڵگایان بەڕێوەبرد. ئەوان بە پێی ماهیەتی خۆیانو پلاتفۆرمی سیاسیان بە توندی دەستیان بە دابو نەریتە کۆنەپەرستانەو عەشایەریو ئیسلامیەیەکانەوە گرتووەو بەردەوام خەریکی پاراستنو باوەشێن کردنو پەرەپێدانیانن‌و لە داهاتیووڵات خەرجی بۆ دەکەنو بە هەموو شێوەیەك دەستگیرۆیی تاقمە ئیسلامیەیەکانو عەشیرەتگەرییو پیاوسالاری دەکەن. بە تایبەتی دژایەتیەکی توندیان لەگەڵ مافەکانی ژنانو یەکسانیەیان لەگەڵ پیاواندا هەیە، بە کردەوەش ئەم حزبانەو میلیشیاکانیان بەڕێوەبەری حەملەی کوشتاری ژنان بوون بە بەهانەی پوچی ناموسپەرستیو ئەم تاوانانەیان لە ئاستێکی فراواندا بۆ خەڵك ئاشکرایە. ڕەنگە ڕووداوی دڵتەزینی ڕفاندنی سێ کچ لە ماڵێك (مەهابادو ناسكو جوان)و کوشتنی دوانیانو نیوەگیان کردنی سێیەمیان لە شاری سلێمانیو بە دەستی بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانیو ناچارکردنی ئەو خیزانە بە سەرهەڵگرتن، لە تازەترینو ڕیسواترین نموونەی ئەم تاوانکاریانەی ئەحزابی دەسەڵاتداری کورد بێت.

یەکێك لە زەقترین تەجروبەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتداریێتی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، لەنزیکەوەئاشنابوونە بە ماهیەتی پیاوسالارییو دژایەتی توندیان بەرامبەر بەمافەکانی ژنان. ئەوان جیاواز لە سیاسەتو کردارو هەڵوێستەکانیان، بە شێوەی ڕەسمیو قانونی لە پەیوەند بە ژنانەوە ئەو قانونانەی بەرپوەی دەبەن قانونی ڕژێمی فاشیستی بەعسەو ڕاستەخۆ لەسەر بناغەی بیروباوەڕو ئەحکامە کۆنەپەرستانە ئیسلامیەیەکانی بن لادن داڕێژراوە. دەستگرتن بەم دابونەریتو یاسایانەوە لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماهیەتی سیاسی ئەم حزبانەو بزووتنەوەکەیان، بەڵام هەرکات زەختی ڕەخنەو ناڕەزایەتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو خەڵکی ئازادیخواز لەسەر خۆیان دەبینن بە ناچاری بۆ پاساودانی ئەم مەسەلەیە پەنا دەبەنە بەر بەهانەی ئەوەی کە گوایە چونکە لای خۆیانەوە یەکلایەنە بەدیلی پێکەوە ژیانی فیدراڵیەیان لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی عێراقو لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی بەعسدا هەڵگرتووە، ناتوانن دەستبەرداری ئەو قانونانەبن کە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزی بەعسەوە دانراوە!

کەوایە بەم پێوانەیە ئەمە دەتوانێ بەڵگەیەکی مەلموسو زەق بێت بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پەی بە ناوەڕۆكو ئاکامی بەدیلی فیدراڵیزم بەرن. ئەگەر ئەم حزبانە فیدراڵیزم وەکو ئاواتێکی بەرز دەرخواردی خەڵکی کوردستان دەدەنو گوایە لە سایەی بەدیهاتنی ئەم شیعارەدا ئامانجەکانی خەڵك جیبەجێ دەبێت، بەڵام لە ئێستاوە ژنان دەتوانن لەو ڕاستیەیە بگەن کە لە سایەی ئەم بەدیلە ناسیونالیستیەیەو لە سایەی قانونو بڕیارە بەربەریەکانی ڕژێمی درندەی بەعسدا بەشی ئەوان ژیانی پڕ لە بێمافیو مەینەت دەبێت. بێ شك ئەوکات دەبێ فتواکانی صدامی جەلادو جێنشینەکانی سەبارەت بە کوشتارو سەربڕینی ژنان بە بەهانەی پیسی ناموسپەرستیو بڕیارەکانیان دەربارەی ئیعدامی هەر ژنێك کە بە پێوانەی ئەخلاقی پوچو داڕزیوی بەعسی– ئیسلامی گومان لە ڕەوشتو ئەخلاقی بکرێت، بەشێوەیەکی توندتر لە ئێستا هەر لەسەر دەستی ئەحزابی کوردی بەڕێوەدەچێت. نەك هەر ژنان بەڵکو ئەمە نموونەو بەڵگەیەکە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بۆئەوەی وەکو ئاوینەیەك چارەنوسی خۆیانی تیا ببینن لەسایەی بەدیلی فیدراڵیزمدا.

لەم ١١ ساڵەدا ژنانو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان قەڵایەکی گەورە لە تاوانکارییو کارەساتیان بە چاوی خۆیان دیوە کە بەپێی قانونو ئەحکامە بەعسی–ئیسلامیەیەکان لە دژی ژنان بەڕێوە چووە، کوشتاری هەزاران ژن، ناچارکردنی هەزارانی دیکە بە خۆکوشتنو

خۆسوتاندن، بڕینی لوتی ژنان، بەکاربردنی جۆرەها شێوەی توندوتیژیو دڕندانە بەرامبەریان، سوکایەتیو هوهاکێشان لە ژنانێك کە پێڕەوی لەنەریتی ئیسلامیو عەشایەری ناکەن لە پۆشینی جلوبەرگدا. هەر لەم ١١ ساڵەدا وەکو کاردانەوەیەك لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئاستێکی بەریندا پێیان ناوەتە مەیدانو بە شێوازی جۆراوجۆر لەدژی ئەم بەربەریەتە ڕاوەستاونو هێزی کۆمەڵایەتییان هەڵخراندوە. یەکێك لە خاڵە بەهێزو پرشنگدارەکانی ئەم بزووتنەوەیە هاتنەمەیدانو ئاکسیونە شکۆدارەکانی ٨ی مارس بوو، کە هەموو ساڵێك دڵی ئەحزابی دەسەڵاتداری گوشیوە. ئەوان تا بۆیان کرابێت هەوڵیانداوە بەر بەم بزووتنەوەیە بگرن، پڕوپاگەندەی دواکەوتوانەو تانەو شەر بگرنە بزووتنەوەکەو ڕابەرانی، ڕێگا لە هەڵسورانی بگرن، ڕۆژنامەی داخەن، تەنانەت بە چەك پەلاماری بدەن، نموونەی زەقی ئەمەش داخستنی بڵاوکراوەی (یەکسانی) و نەدانی مۆڵەتی کارکردنی (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان) لەلایەن حکومەتی پارتیو هێرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بنکەکانی ئەم ڕێکخراوەو (سەنتەری پارێزگاری ژنان لە لەکوردستان)و حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە.

لەو جێگایەشدا کە پروپاگەندەو دەمکوت کردنو پەلاماردان دادی ئەم حزبانەی نەدابێت لە بەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەدا کەوتونەتە ڕیاکاری بەشداری لە ئاکسیونەکانی ٨ی مارسو تەنانەت پەنایان بردووە بۆ هەوڵو تەقەلای چەواشەکارانە بۆ بەلاڕێدا بردنی خەباتو خواستەکانی. ئەو ئالوگۆڕە ڕواڵەتیو کۆنەپەرستانانەی کە جەلال تاڵەبانیو پەرلەمانەکەی پارتی لە یاساکانی ئەحوالی شەخسی ڕژێمی بەعسدا پێکیان هێنا بەشێك بوو لەم هەوڵو تەقەلا چەواشەکارانەیە. ویستیان بەم جۆرە دەستی ئەم بزووتنەوەیە لە خواستی (هەڵوەشانەوەی قانونەکانی ئەحوالی شەخسی) هەڵگرن. بەڵام تەجروبە نیشانیدا کە ئەو ئالوگۆڕانە تەنها خۆڵێکەو بۆ کوێرکردنی چاوی ژنانو خەڵکی ئازادیخواز فڕێی دەدەن. لەوکاتەوە ئەوان دەستیان بۆ ئەو کارانە بردووە نەك بەربەریەت لە دژی ژنان کەم نەبووەتەوە بەڵکو پەرەی سەندووەو تراژیدی گەورەتر لەلایەن باندە ژن کوژەکانی خودی ئەم حزبانەوە خولقێنراوەو باندە ئیسلامییەکانیش زیاتر دەستگیرۆیی کراونو کۆنەپەرستیو خورافاتی ئیسلامیش زۆرتری بۆ خەرج دەکرێت، تازە بۆ یەکەمجار جەلال تاڵەبانی بە ئیعترافی خۆیو لە ژێر فشاری ڕاچڵەکانی ویژدانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە کارەساتی (مەهابادو ناسكو جوان) کە لەسەر دەستی پیاوەکانی ئەو خولقێنراوەو وەکو فەزاحەتیك لای خەڵکی کوردستان ئاشکراو ڕیسوا بووە، رادەگەیەنێ کە تاوانبارەکەیان گرتووەو بەڵێن دەدات کەبە سزای دەگەیەنن!

ئەمساڵ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو کۆمۆنیزمی کرێکاریو خەڵکی ئازادیخواز دیسان لە ٨ی مارسدا ڕووبەڕوی ئەم هەلومەرجە دەبنەوە کە بەسەر ژناندا داسەپێنراوە. کوشتارو خۆسوتاندنو لێدانو سوکایەتی بە ژنان هێشتا شارو دێهاتی کوردستانی داگرتووە، قانونە چەپەڵەکانی ئەحوالی شەخسی بەعس بە چنگو ددان پارێزراوەو کاری پێ دەکرێ، دۆستایەتیو تەشریفاتو هاوپەیمانێتیو دەستڕاکێشانی باندە ئیسلامییەکان لەلایەن سەرکردەکانی ئەحزابی کوردیەوە پێشبرکێی لەسەر دەکرێ.

بەڵام هاوشان لەگەڵ ئەمەدا ئەمساڵ ٨ی مارس لە هەلومەرجێکی جیهانی زۆر جیاوازو تایبەتدا دێتە پێشەوە، لە نێو ئەم هەلومەرجەدا ئیسلامی سیاسیو کارکردی چەپەڵی خۆیانو دەسەڵاتو یاساو دابو نەرێتیان بەوپەڕی ڕیسوایی گەیشتووەو لەگەڵ ناڕەزایەتیو نەفرەتی فراوانی خەڵکی جیهان بەرەوڕووە. ڕووداوەکانی ١١ی سەپتەمبەری ئەمریکاو ئەو کورەی ئینسان سوتاندنەی کە ئەم هیتلەرە هاوچەرخانە بۆ خەڵکی بێتاوان هەڵیانخست، ویژدانی دنیای ڕاچڵەکاندووە. ئەمە نەك هەر حوکمی نابوودی ئەم دڕندانەی دەرکردوە، بەڵکو بە تەواوی ژێرپێی سیاسەتی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگای سەرانی ئەحزابی کوردیشی خاڵی کردوە کە خەریکی دەستگیرۆییو هاوکاریو هاوپەیمانین لەگەڵ بن لادنەکانی کوردستانو پەیتا پەیتا قورسایی ئیسلام لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەلك زیاد دەکەن. سیاسەتی ئیسلامی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتیش ئیتر ڕەوتی نابوودی دەپێوێ. لەمرۆدا دەستگرتن بەم سیاسەتە چەوتەوە نیشانەی داماویو ناکارامەییو بێ ئاسۆییانە.

ئەمساڵ بە تایبەتی لە ٨ی مارسدا دەبێ سود لەم هەلومەرجە جیهانییە وەرگیردرێ بۆ دەسکۆتاکردنی پیاوسالاریی پشت بەستوو بە قانونو ئەحکامەکانی ئیسلام، ئەمساڵ دەبێ بە دەنگێکی بەرزتر لە هەموو کات شیعاری هەڵوەشانەوەی یەکجاری قانونەکانی ئەحوالی

شەخسیو جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتو پەروەردەو فێرکردن بدەین بەڕووی دەسەڵاتداراندا. سەپاندنی ئەم خواستە بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتدارانو دەستو پێوەندو قەڵەمە ڕەشوە خۆرەکانیانەوە، زەربەیەکی کەمەرشکێن دەدات لە کۆنەپەرستیو پیاوسالاریو ژن کوژیو سیاسەتی ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگا. بە توندی فەزا بە قازانجی یەکسانیخوازیو سکولاریزم دەگۆڕێو هەنگاوێکی گەورە کۆمەڵگا بەرەوپێشکەوتن دەبات. با بەم شیعارەوە پێشوازیەکی گەورم لە ڕۆژی جیهانیی ژنان بکەینو لە نێو ئاکسیۆنی گەورەو پڕشکۆمان لە کوردستانو لە دەرەوەی وڵات بە دەستی خۆمان قانونەکانی ئەحوالی شەخسی بسوتێنینو ڕابگەیەنین کە بە هیچ بەهانەیەك بەڕێوەبردنی ئەو قانونانە لەلایەن ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردەوە مەشروعیەتی نىیەو دەست بەجێ دەبێ هەڵوەشێنەوە، دین لە دەوڵەتو پەروەردەو فێرکردن جیابێتەوەو یاسای یەکسانیی مافی ژنو پیاو بەڕەسمی پەسەند بکرێت.